***Kongreya Neteweyî ya Kurdistanê***
*Kurdistan National Congress*
***Congrès National du Kurdistan***
**کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**

**KNK**

***Rue Jean Stas 41, 1060 Bruxelles Tel: 0032 2 647 30 84 Home Page:*** www.kongrakurdistan.net ***E-Mail:*** kongrakurdistan@gmail.com

# هێرش بۆسەر ئەفرین هێرشە بۆ سەر هەموو کوردستان

دەوڵەتی تورکیا بە هەموو هێزی خۆیەوە دەستی بە هێرش بۆسەر ئەفرین کردووە. دەمێکە تورکیا گەمارۆی ئەفرینی داوە و هێزی زۆری لە سنوورەکانی ئەو شارە جێگیر کردووە. لەم هێرشەدا دەوڵەتی تورکیا بە تەنیا نییە. چەتەکانی "سوپای ئازادی سوریا" ش بەشداری هێرشکردنن. تورکیا لەو هێرشانەدا جیاوازی لە نێوان شەرڤان و خەڵکی سڤیلدا ناکات، جیاوازی لە نێوان سەربازگەو ناو شاردا ناکات، بەگشتی هەموو ئەفرین و خەڵکی ئەو هەرێمەی کردۆتە ئامانج.

تورکیا خۆی وەک دوژمنی سەرەکیی کوردان ناساندووە. ئەو دەوڵەتە لەهەرشوێنێك و بە هەموو شێوازێک دژی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستانە. لە رۆژهەڵاتی کوردستان هاوکاری رژێمی ئێرانە. لە باشوور دەستی لە هەموو پیلانێکدایە کە دژی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان بێت. بە هەموو توانای خۆی دژایەتی رۆژاوای کوردستان ئەکات. لە باکوریش هەمان سیاسەتی پێشووی تواندنەوەو نکوڵی کردن و لە ناوبردن پیادە ئەکات. لە بواری دیپلۆماسیشدا لە سەرانسەری دنیادا کار بۆ گۆشەگیرکردنی کوردان ئەکات. پێویستە گەلی کوردستان ئەو راستییە بزانێت و لە بەرامبەریدا هەڵوێست بگرێت.

هێرشکردنە سەر ئەفرینیش نمونەیەکە لە پیادەکردنی ئەو سیاسەتە چەپەڵەی دەوڵەتی تورکیا. ئەم هێرشە تەنیا بۆ سەر ئەفرین نییە. هێرشە بۆ سەر هەموو کوردستان. پێویستە گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، لە دەرەوەی وڵات و سەرانسەری جیهان، لە دژی ئەم هێرشاکارییە بێدەنگ نەبن و بە هەموو شێوازێک ئەو دەوڵەتە ریسوا بکەن. پێویستە گەنجانی کورد لە ریزی پاراستنی وڵاتەکەیاندا جێی خۆیان بگرن. بە بەرخۆدانی خۆیان، بە چالاکی خۆیان، بە کارو خەباتی خۆیان دەنگیان بگەیەننە سەرانسەری دنیا.
هەروەک چۆن بە یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی کۆبانێمان پاراست، ئەبێ بە هەمانشێوە ئەفرینیش بپارێزین. ئێمە دڵنیاین ئەو توانایەمان هەیە کە داگیرکەر بشکێنین.

ئێمە وەک کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان ئەو هێرشەی دەوڵەتی تورکیا بە توندی ریسواو شەرمەزار ئەکەین. ئێمەش بە ئەوپەڕی توانامانەوە دژی ئەو هێرشانە رائەوەستین و لەگەڵ گەل و شەرڤانانی ئازادیی لە ئەفرین لە سەنگەرێکدا ئەبین. لە بواری دیپلۆماسیشدا ئەو دۆزە ئەکەینە رۆژەڤی هەموو جیهان.

لەو رووەوە داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، هێزە هاوپەیمانەکانی دژی داعش ئەکەین، چاوی خۆیان لە ئاست ئەو هێرشە نارەوایەدا دانەخەن دژی راوەستن.

هەروەها داوا لە دۆستانی گەلی کوردستان، لە رای گشتی و فەرمی جیهانی دیموکرات و کەسانی خاوەن ویژدان ئەکەین و ئەڵێین: لە سەنگەری خەڵکی ئەفریندا بن.

جارێکی تر داوا لە گەلی خۆشمان ئەکەین و ئەڵێین: ئەمرۆ رۆژی بەرخۆدانە، بە هەموو شێوازێک لە گەلی ئەفرین خاوەن دەرکەون.

ئێمە لەبەرامبەر شەرخواز و داگیرکەراندا لەسەر هەقین، ئێمە بەرخۆدان ئەکەین و سەرئەکەوین.

**کۆنسەی بەرێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان**
**21.01.2018**